**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٨٥٤٦ لە ٢٠١٩/١٠/٢٤**

**بڕیاری**
**ژمارە(٢٥) لە ٢٠١٩/٩/١٨**

پشت بەست بەئەحکامی ماددەی(هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٧) لە ٢٠١٩/٩/١٨ ، بڕیاردرا بە :-

١- پێکهێنانی (لیژنەی کاروباری یاسایی) لە ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی بەڕێز فەرسەت ئەحمەدعەبدوڵلا (وەزیری داد) و ئەندامێتی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژی دەستووریی ویاسایی پێویست بە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو بابەتانەی لەچوارچێوەی کارنامەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەخرێنەڕوو ، و پێداچوونەوەی کۆتایی ئەو ڕەشنووسی یاسا و پەیڕەوانەی لەلایەن وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لە چوارچێوەی پلانی تەشریعیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە دەکرێن یان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێن پێش گفتوگۆ و بڕیاردانی کۆتایی لە ئەنجومەنی وەزیران:

| | | |
|---|---|---|
| أ | د.ڤالا فەرید ئیبراهیم | وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان |
| ب | خالد سەلام شوانی | وەزیری هەرێم بۆ بەڕێوەبەرایەتی دۆسیێ دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی |
| ج | د. ئامانج ڕەحیم ئەحمەد | سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران |
| د | د.ئومێد سەباح عوسمان | سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران |

٢- بۆ ئەو ڕەشنووسی یاسا و پەیڕەوانەی کە پابەندی داراییان هەیە، پێویستە (لیژنەی کاروباری یاسایی) ڕای وەزارەتی دارایی وئابووری وەربگرێت و هەماهەنگی تەواو بکات لەگەڵ ئەو وەزارەتە ولە پێش بڕیاردانی کۆتایی ئامادەکاریی لایەنی پابەندیی دارایی ڕەشنووسەکە یەکلایی بکرێتەوە بە ڕەچاوکردنی بودجە و داهاتی هەرێمی کوردستان.

٣- ئەو بەڕێزانەی ناویان لە بڕگەی(١)ی سەرەوەدا هاتووە ئەندامی هەمیشەیی لیژنەکەن ، و بەپێی تایبەتمەندیی پڕۆژە یاسا و پەیڕەوەکان، وەزیر یان سەرۆکی دەستە و لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت یان نوێنەرەکانیان پەیوەندیدار بە ڕەشنووسەکان دەتوانن ئامادەی کۆبوونەوەکان بن لەسەر بانگهێشتی لیژنەکە.

٤- (لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی) هەمـاهەنگی لەگەڵ (ئەنجـومەنی شـوورای هەرێـم) دەکـات لەبەر ڕۆشنایی یاسای ئەنجومەنەکە ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨.

٥- (لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی) مـافی بانگهێشـتکردنی هەر کەس و لایەنێکـی دیـکەی هەیە بـۆ کۆبوونەوەکانی بەپێی پێویستی بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی.

٦- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیـداره‌کان ئەم بڕیـارە جێبەجـێ دەکەن و لە ڕۆژنـامەی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .

**مـەسرور بـارزانـی**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**